# به بۆنەی کردارە تیرۆرستییەکەی هەولێرەوە

بەرواری 4-5 ی سەرلەبەیانی لە کردەیەکی چەپەڵدا سەدان مرۆڤ بوونە قوربانی , دەیان قوربانی و سەدانیش  بریندار بوون .

شاری قەڵاو منارە لە دوای کارەساتەکانی ساڵی 1988 و پێشتریش بارزانییەکان , شاری حەوانەوەو دالدەدانی لێقەوماوان بوو , شاری کۆمەك و  دڵ گەورەیی , شەهامەت و چاو تێری , پاراستن و بەزەیی بوو , ئەوەندەی لێ قەوماوان لە هەولێردا هەستییان بە دڵنەوایی و سۆز و بەخشندەیی دەکرد لە شارەکانی خۆشییان نایان کرد .

لێرەدا ئێمە بەو پەڕی ڕێزەوە سەری نەوازش بۆ قوربانییان دادەنوێنیێن , جارێکی دیکە داوا لە هەردوو حکومەتی کوردستان دەکەین , پێویستە جۆگەلەی تیرۆریزم لە کوردستاندا بنەبڕ بکرێت .

–سەرچاوەی کۆمەکە مادییەکانییان کۆنترۆڵ بکرێت .

–لێپرسینەوە لە ووتارە ئاینییەکان بکرێت ڕێگە بە بڵاو کردنەوەی ڕۆشنبیری توندو تیژی نەدرێت .

- باری ژییانی هەژاران باش بکرێت, بە تایبەت پاشماوەی قوربانییان و بێسەرپەرشتیاران , سنورێك بۆ گەندەڵی و بەرتەسك کردنەوەی ئازادییەکان دابندرێت .
- بە دەستێکی پۆڵایین لە تیرۆریستان بدرێت .
- بەعسییەکان و تاوانباران و فایل دارەکان دوور بخرێنەوەو لە دادگایەکی ئازاددا دادگایی بکرێن .
- سازش لە گەڵ هیچ تاوانبارێك نەکرێت .

**ناوندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی کورد–چاك  5-5-2005**

www.chak.info